# نیتشه و پاش تازەگەری




ئامادەکردنی
سەردەم

ئەگەر هەموو هەوڵدانێک بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی مۆدێرنە، مەحکوم بێت بە تێگەیشتن لە فەلسەفەی «دیکارت»، ئەوا بێگومان تێگەیشتن لە فەلسەفە پاش تازەگەری و پۆست مۆدێرن، پێویستی بە تێگەیشتن لە فەلسەفەی فەیلەسوفێکی مەزنی وەک «فردریک نیتشە»هەیە.

پرسیاری یەکەمی ئەم کتێبە بەوە دەست پێدەکات، کە بۆچی پێویستە لە «نیتشە» تێبگەین؟

لە ڕاستیدا تێگەیشتن لە «نیتشە» و فەلسەفەکەی، تێگەیشتنە لە دنیای تازەو لەو قۆناغە مێژوییە سامناکەی، لە دوای ئەوەوە دەست پێدەکات. ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە کە لە مێژووی فەلسەفەدا، هەریەکێک لە فەیلەسوفەکان، ڕۆڵی خۆیان لە گەشەکردنی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا بینیووە، بەڵام لەو هەموودا چەند فەیلەسوفێک توانیویانە سەرەتایەکی تازەو نەریتێکی میتافیزیکی جیاوازتر

بخەنەگەڕ ئەڵبەتە «فردریک نیتشە»ی فەیلەسوف یەکێکە لەوانە. لەم کتێبەشدا نوسەر ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە چۆن ئەم بیریارە، سەرەتایەکی نوێ و نەریتێکی میتافیزیکی تازە دێنێتە ئاراوە کە بە (پۆست — مۆدێرنە) یاخود بە پاش — تازەگەری ناودێرکراوە.

سەدەیەکی تەواوە «نیتشە» ژیانی جێهێشتووە، بەڵام بە درێژایی ئەم سەدەیە باس لە ژیان و فەلسەفە و دنیا بینی و تێزە ژێرەو ژورکەرەکانی ئەو دەکرێت. کەم کایەی ڕۆشنبیری لەم دنیایەدا هەیە، چەندین باس و کتێب و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو فەیلەسوفە نەبێت. لە بەرامبەر «نیتشە» و فەلسەفەکەیدا کەس ناتوانێت بێلایەن بێت، یان ئەوەتا خۆشت دەوێت و ئاوێتەی دەبیت یان بە نەفرەتی دەکەیت و دەکەویتە سەنگەر لێگرتنی. کتێبەکانی ئەو: (زەرادەشت وەهای وت، مرۆڤانە زێدەمرۆڤانە، ژینالۆژیای مۆراڵ، ئەنتی مەسیح، زانستی شاد، ئاوابونی بتەکان، لەودیو چاکە و خراپە) وە، بۆ دەیان زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراون و بوونەتە سەرچاوەی فیکری و فەلسەفی، چەندین قوتابخانەی ئەدەبی و هونەری و فیکری و.. هتد.

ئەم هەوڵەی «د. محەمەد کەمال» لەم کتێبەیدا، بۆ ئەوەیە خوێنەری کورد بە زمانی کوردی بە یەکێک لە فەیلەسوفەکانی خۆرئاوا ئاشنا بێت. تەواوی لێکۆڵینەوەکەش لە دوو بەش پێکدێت:

## بەشی یەکەم/

شیکردنەوەی بیرکردنەوەی فەلسەفی «نیتشە»یە، لەسەر تراژیدیا و هەڵوەشاندنەوەی بناغەی میتافیزیکی ڕوناکبین و بەستنەوەی تراژیدیای بوونی مرۆڤ، بەو (هەڵوەشاندنەوەی ە)وە و لەدایکبونی کەڵە — مرۆڤ و گەڕانەوەی هەمیشەیی و داهێنانی بەهاکان و بەکارهێنانی میتافۆر لە شێوازی دەربڕینی فەلسەفیدایە.

## بەشی دووەم/

مامەڵە لەگەڵ فەلسەفەی «نیتشە» و پاش «نیتشە» دەکات و لەسەر بەنازیکردنی بیروباوەڕی «نیتشە» و پاککردنەوەی ناوی «نیتشە»، لەم گەندەڵییە ڕامیارییە، لەلایەن «هایدگەر» و تێگەیشتنی هایدگەر» لە «نیتشە» و کاریگەرێتی «نیتشە» بەسەر بۆچونەکانی پاش — تازەگەری دەدوێت.